لیستی ئەو وەزارەت و بەڕێوەبەراتیانەی کە ئەمڕۆ مووچەی مانگی یازدە وەردەگرن

دوای 66 ڕۆژ لە دابەشنەکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم بە مانگی 11ـی ساڵی ڕابردوو 2024، وەزارەتی دارایی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگی 11ـی ساڵی ڕابردوو دابەش دەکات.

هەرچەندە شەش ڕۆژە لە ساڵی نوێداین (2025) و هەشتا فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان مووچەی دوو مانگی ساڵی ڕابردوویان وەرنەگرتووە، هاوکات وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ دووشەممە مووچەی مووچەخۆران بە مانگی یازدە دابەش دەکات.

لە ئەمڕۆ دووشەممە مووچەی وەزارەتی تەندروستی و دەستەی دەستپاکی، هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم لەگەڵ کاروباری شەهیدان و ئینفالکراوان، کەمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و دەزگای مین و تەقەمەنی و چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی تر دابەش دەکرێت.